# دیوانی مەولەوی



پیرەمێرد
کردوویەتی
بە سورانی

عادل سید لطیف مولودی
3 /8/ 2005

کاکەی فـلاح
مکتبة پیرە میرد ـ السلیمانیة

# دیوانی
# مـەولـەوی

MAWLAWI.KRD

انتشارات کردستان
سنندج - پاساژ عزتی
تلفن: ۲۲۶۵۳۸۲

سنندج پاساژ عزتی انتشارات کردستان ☎ ۲۲۶۵۳۸۲

---

# دیوانی مەولەوی

هونراوە سید عبدالرحیمی مەولەوی * وەرگێڕاوی پیرەمێرد

بڵاوکەرەوەی کوردستان * ۲۰۰۰ بەرگ

چاپی یەکەم * ۱۳۸۰ * چاپخانەی مهدیە

| | |
|---|---|
| نرخی<br>۱۰۰۰ تمەنە | شابک: ۹ـ ۸۸ـ ۶۵۴۶ـ ۹۶۴<br>ISBN: 964 - 6546 - 88 - 9 |

به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

# روون کردنەوەیەك

## خوێنەری خۆشەویست !

ئەم دیوانە بەنرخو بەرزەی لە بەر دەستی تاسەو چاوی سەرنجو خوێندنەوەتایە دیوانی ( مەولەوی )ی نەمرە کە مامۆستای هەرە بەرزو بێ هاوتاو هەڵکەوتووی هەڵبەستی رۆمانسی یە لە دنیای وێژەی کوردی یا ، ئەو هەڵبەستانەی کە یەك پارچە کزەو سۆزی دەروونی هەڵقرچاون بەو هەموو خەیاڵە ناسكو وەسفە ورد وردانەو راست گۆیی و بەهرەو سەلیقەی وردەکاری یانەوە کە گەیشتونەتە سەر لوتکەی کێوی بڵندی هونەری هەلبەست بەکێشی نەتەوایەتی یەوە کە کێشی فولکلوری کوردی یە • لە بەر ئەوە ( پیرەمێرد )ی بوێژی هەڵکەوتوی کوردیش ئیشێکی زۆر بەجێو پیویستیەکی زۆر پیرۆزی بەجێ هێنا کە لە دەورو بەری ساڵی (١٩٣٥) ز دا ئەم هەڵبەستە بەرزانەی لە هەورامی یەوە کرد بە سۆرانیو بە چاپکراوی بڵاوی کردەوە •

ئێمەش لەوەتی کتێبخانەی ( پیرەمێرد ) مان کردۆتەوە ، بەپێی درێژی دەستی تواناو تیژی چاوی هەستکردن بەخزمەتی وێژەی کوردەواری ،

سەرنجی پشکنین ئەگێڕین بۆ ئەو بەرهەمە وێژەیی یە چەسپاوو دامەزراوانەی کە بنچینەی هەتا سەر نەمرو هەرگیز کۆن نەبووی وێژەی کوردی ین٠ کە یەکێك لە ریزی پێشەوەی ئەو بەرهەمانە بێ گومان دیوانی ( مەولەوی )یە کە سەر لە نوێ واچاپمان کردەوە بەو شێوەیەی کە تەنها بەشی رۆحەکەیەتی ، ئەو بەشی رۆحەی کە گیانی مەولەوی وپیرەمێردی ، وەك ئەستێرەی پرشنگداری گەلاوێژی بەرەبەیان ، تیائەدرەوشێتەوە ٠ بەشی ئەصلەکەیمان ( کەهەورامی یەکەیەتی ) نەك هەر لەبەر ئەوە بلاو نەکردەوە کە ( پیرەمێرد ) لە کاتی خۆیا بە دوو بەرگ لەگەڵ رۆحەکەیا بلاوی کردەوە، بەڵکو لە بەر ئەوەش کە مامۆستای وێژەوان و زانای ناسراوی کورد مەلا عەبدول کەریمی مودەرس هەموو بەشی هەورامی یەکەی لە دیوانێکی گەورەدا بە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەیەکی وردوو شارەزاو تەواوەوە بە چاپ گەیاندو بلاوی کردەوە ٠ لە بەر ئەوە ئەو پێویستی یەی جاران ئەکەوتە بەر چاو ، بۆ بەشی هەورامی یەکەی بەبیرواری ناتەواومان ، ئەو پێویستی یە ئێستا نەماوە ، بێجگە لە وەش کە ویستمان ئەم دیوانە ، بەم شێوەیە ، بگاتە دەست زوربەی خوێندەوارانی تینووی هەڵبەستە بە سۆزەکانی ( مەولەوی )و تاسەی خۆیانی پێ بشکێنن ٠

## بۆ مەولەوی نەمر

### کاکەی فەللاح

لــە گیــانی پاکی مــەولــەوی دانــا
ئــەوەی هەڵبــەســتی ناســکی دانا
مژدەبێ ئــەوا دیــوانی شـــیعری
دەرچوو ئەگەڕێ بــە نــاو کوردانــا

ئای لــە ناســکی خــەیــاڵی جــوانی
ســەرچاوەی ســۆزی روونو رەوانی
لە گەرمیی هەستوساردیی هەناسەی
بــەهرەو ســەلیقەی نــاو شیعرەکانی

ئــای لــەبەر قووڵی ئەندێشەو هۆشی
دەریـــای بێبنی جۆشو خـــرۆشی
بۆ بــیری وردو تاســــــەو پەرۆشی
بــۆ چــەپــکە گوڵی باخی بــۆن خۆشی

ئــای بــۆ ســنعەتو بــۆ وردەکــاری
بــۆ دەریــای شیعری پڕ لە مرواری
بــۆ گەنجینــەکەی دوڕو گــەوهەری
جێی شــانازییــە بــۆ کــوردەواری

ئـاى لەبـەر شیعرى تەڕو پـاراوى
بـۆنو بـەرامـەى وەكوو گـولاوى
روونـە وەك دڵى سـافو بێ گەردى
ڕەوانـە وەكـوو فرمێسـكى چاوى

ئـاى لە بڵێسـەى خۆشەویستى ئەو
سووتانى بۆتـەى هەق پەرستى ئەو
ئاى لەبەر نەشئەى بادەى عەشـقەكەى
ئاى لـە سۆزى ئەو واى لە هەستى ئەو

ئـاى بـۆ كـڵۆڵى حـاڵى بێ حـاڵى
بـۆ ڕەنـگى زەردو بـۆ نـاڵـە نـاڵى
هـاوارو دادى ڕۆژو شـەوانى
بـۆ بەسـتەو دەفو بـادەو شمشاڵى

ئاى بۆ گیـانـەكـەى پڕ لە وەفـاكەى
بـۆ دەروونـەكەى كەیلی جـەفاكەى
ئـاى بـۆ دڵـەكەى زەدەى سزاكەى
دوور لە سەیرانو سەیرو سەفاكەى

ئـاى بـۆ عیزەتى نەفسـى بڵندى
بـۆ خۆى هـەژارو دڵ دەوڵەمەندى
ئـاى بـۆ چاوتێرىو برسـێتى حاڵى
ڕەوشـتى بەرزى یەك یەك پەسندى

شیعری ( مەولەوی ) کوڵێکی وایە
ئەگەشێتەوە هەتا هەتایە
لە ناخی دڵو دەروونی کوردا
بنجی داکوتا لە ریشەنایە

●

MAWLAWI.KRD

# دیباچە

## دیوانی مەولەویمان چۆن چاپ کرد ؟

شیعری مەولەوی بە دەنگی خۆش‌و هیجرانی ( عەزیزی ئامینە ) وە لە ناو ئێمە برەوی پەیدا کرد. عەزیز گوینیدەیەکی عەزیز بوو. لە مەجلیسدا هیجرانی‌و لە چیادا قەتار هەر لەو ئەهات . ئەمە راستە کە بەیانی‌یەك لە راوەکەودا قەتارێکی خوێند کەوی کوهسارانی هێنایە جونبوش‌و قاسپە .

یەك دوو شیعری بوو ، زۆری لە دڵ ئەسەند ئیجگار لە بەهاراندا ، لە ئێوارانداﻟە سەر کارێزی شەریف کە دەی گووت : وەهارەن ، سەوزەن ، ئاوەن ، پێکاوەن . یاخوو :

گوڵ چون رووی ئازیز نەزاکەت پۆشان
بەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان

یا بەیانیان کە بە قەتارەوە ئەیگوت :

لە ورشەی شەونم لەتوێی پەردەوە
نیرگس مەست مەست چەم بلاو کردەوە

ئەمانەو ئەو دەنگە داودی‌یەو نەشئەی بەهاران‌و دلپاکی ئەوسای یارانە.جا لێکی بدەنەوە چشۆریك‌و

چسۆزێکی ئەخستە کەللەو دەروونەوە من ئەم شۆرەم هەر لە کەللەدا بوو ئەمویست بەسەر یاراندا دابەشی کەم ٠

بەلام شێوەی زوبانەکەی ، ئەو گیانە شیرینەی لە ئێمە شاردبوەوە تەنها چەند کەسێك لە هەوراماندا تی ی دەگەیشتین ٠

ئەو سەردەمەی لە ئەستەمول (شاعیرەکانمان)م لە روزنامەدا بەریز ئەنووسی لەوێ کەس لە مەولەوی نەدەگەیشت نیازم بوو وەك شینی حەمە ئاغای دەربەند فەقەرەو چوارشخص رەنجوریم کرد بە تورکی ئەویش وەرگێرمە سەر تورکی ٠

بەڵام ئەو گیانە بڵندە لەوگۆرە تەنگەدا نەدەگونجاو دانەدەمرکا ، ئەو ئارەزووەم هەر لە دڵا مایەوە تاهاتمەوەو بە زۆرە ملێ ئالاندمیانە نووسینی روزنامەوەو ئەشیایە هەموو ژمارەیەك هیچ نەبێ شەش حەوت رەنگ نووسین بنووسم ، عیلمیو فەننی، تەئریخی کردوکۆشی گالتەو گەپ، اجتماعی، حقرقی ئەدەبی ٠٠٠ ئەدەبیاتمان لە هەموویان بۆ ئەم خاکە پێشتر بوو ٠ جارێ لە پەندی پیشینانەوە تێهەڵچووم ، دیتم ئەوە خەرجی عامە ، باڵا نیە ، ئنجا هاتم بە فەننی ( أسپری تیزمە ـ جەلبی ئەرواح )

گیانی مەولەویم هێنایە ـ ژیان ـ ەوە وژیاندەوە ٠ لە قەڵای زاڵمی زەلم وەك تاڤگەكەی زەلم كێشـــامە دەشتی شارەزووری ئـەدەبیـاتی كوردەوە ٠ ئـەو تاڤگەیە ئەلەكتریكی نوری لێ پەیدابوو روحەكەی‌و ئەسلەكەی بووە پەلكە زێرینەی كوردستان ٠

ئاخ هەر خۆم ئەیزانم چەندم رەنج داوە تا لـەم لاو لەولا كۆم كردەوە، خوا هەقە بۆ ئەمە موفتی هۆی كردەوەو ، دیوانی مەولەوی دامێ‌و حەسـەن بـەگی عەلی بەگی جافیش سـەراوردی مـەولەوی دەسـت خستم هەردوكیان پایەدارو كامگار كا ٠

**پیرەمێرد**

# شیوەنو تەئریخی شێخ ئەورەحمانی تاڵەبانی قدس سرە

دنیـــا نابینـــای تاریکە شـــەو بوو
ڕووناکیو جـــەلای لەلا وەك خـــەوبوو

نـــاگـــا تیشـــکی ڕۆژ بـــۆ تالـــەبانی
بوو بە نوورێکی لیقـــای ســـوبحانی

دنیـــا وەرگـــەڕا بوو بەدەورەی دین
ســـاحیب دین چاوی کەوتە ساحیب دین

ئـــەو نوورە دیســـــان مەیلی کردەوە
شـــەوقی بۆ ئەو دیـــو پـــەردە بـــردەوە

دڵ تـــەئـــریخی ووت بـــــەدەم دەردەوە
وای وای دنیـــاشی تـــاریـــك کردەوە

١١ ١٧ ١٦ ٣٦٥ ٦٣١ ٢٣٥ = ١٢٧٥

●

MAWLAWI.KRD

## لەسەر مەرقەدی باوە یادگار

سەر رێژی بادەی بەزمی موناجات
پەنای ئیلتجای ئەربابی حاجات

جێی پاڕانەوەی پادشاو دەروێش
بارەگات پەنا بۆ بێگانەو خوێش

ئاسکی وەتەنی فەیزی ئیلاهی
بۆنی میسک ئەدا لەمانگ تاماهی

تەڵی بۆن خۆشی رێحانەی رەسوول
نۆ بەرەی نەمام پاکیزەی بەتوول

نووری مەرقەدتان بدرەو شێتەوە
چاوی یارانی پێ زوون بێتەوە

هەوای سایەتان هەر پایەداربێ
تا سەبون بردەی گوناە رسگار بێ

نا پوختەکاریو گونا هباریی من
شەرمندەی غەفڵەت گرانباریی من

سەریەك کەوتوە بەدکاریم وەك کۆ
رووی هیوام کردە بارەگاکەی تۆ

چونکە تۆ نەوەی شیفاعە تکاری
بۆ رجای بەجا دەستەڵات داری

زارو زەبوونم بەگریە وزاری
هاتمە دەربارت بە هیوا داری

سەرم ناوەتە سەر خاکی بەرپێت
غەریب، مووسپی، رووسیا، سەرشێت

بەدەن گونا هبار، دەروون پڕ لە دەرد
چاو تەڕو لێو وشك، دڵ گەرمو ئاو سەرد

ئای زۆر پلەی سەخت ریگای لێ بەستم
تۆ فریام کەوە دەست بدە دەستم

بەڵکم بە هێزی دەستگیری ئێوە
باری گرانم بۆ بچێ بەرێوە

دەستی شای مەردان مەدەد کارم بێ
لەم پلە پلە ئەو دەست بارم بێ

وەك گونـاه نی‌یـه هیچ موســــــیبەتێ
پــیرو دامــــاوم ، یـــا پـیر ! هیممەتێ

هیممەتت مـایـەی رســــــتگاری بێ
یـــار بێ ، دیـــار بێ ، یـادگـــاری بێ

●

به یاریدەی خوای بێ هاوتا جلدی یەکەمو دووەمی مەولەویمان چاپ کرد . من دیوانی مەولەویم دانا بوو بە دوو جلد ، کەچی بەم دوو جلدە تەواو نەبوو هێشتا بەشی جلدێکی تری ماوە ئەم توانی هەندێ فەردی ئەو کە لێی دوو دڵم : ئایا هی ئەو نەبێ وەکوو ( هاو دەردان ئێشێ ) یاخو شیوەنێکی دورو درێژی کوڕی مەحمودی یاروەیس کە ئەوەی هەڵ نەدەگرت ، ویستم ئەمانەی لێ کورت بکەمەوە، بەڵام لێکم دایەوە بوونی چاکتر بوو لە نەبوونیو زۆریش فەردی تاکو چوارخشتەکیو وردەکاری هەیە . ئەمانە بابە جلدێکی جیاوازبێ .

وردەکاری مەولەوی تا لێی ورد نەبیتەوە نایەتە بەرچاو . لە لاپەڕەی ١٩٨ دا فەردیکی هەیە ئەڵێ :

کون کون بێ لەشم بەم برینانە
ڕێی ئامەشۆی دڵ بۆ لای ئاسانە

ئەمە هەر لەمەولەوی دێ .

پیرەمێرد

ـ هەردوو بەرگەکەی کۆتایی هات ـ

# ســوپاس

بە گەرمی سوپاسی بێ پایـانی ئەم برا بەرێزانە ئەکەم :

**کاك ( کـەمـال مـەحمود ) کـــە ئـەرکی سەرپەرشتی گرتە ئەستۆی .**

**کاك ( کاوە ئەحمەد میرزا ) کە دیوانـەکەی نووسیەوە .**

**کاك ( جەمال بەختیار ) کە وێنەی بەرگەکەی کێشـــا .**



## پیرەمێرد

با هەر بمێنێ وێنەت لە چاوا
لە ناو چوار چێوەی دڵو هەناوا
بە یادگاری بەرزی تۆی نەمر
ماڵی ئەدەبی ئەم کوردە ئاوا!